# هەڕەشەو فەتوای تیرۆری ئیسلامەیەکان هێمای زەبوونیانە !

ڕێبوار عارف
fediraq@welho.com

جەمسەرێکی نا ئەمن بوونی دنیای ئەمڕۆ، کوشت وکوشتارو لەخۆین هەڵکێشانی شەقام وکۆلانەکان وتەقاندنەوەی خوێندگاو خستەخانەو شوێنە گشتیەکان وسەربڕین وپارچەپارچە کردنی جەستەی ئینسانەکان چەکێکی بەردەوامی دەستی ئیسلامی سیاسیەو هەموو ئەمانەو گەلێك کرداری تر زۆر ئاسان لە دوو توێ ئایەت وحدیس وفەرموودەیەك دەکرێتە چاشنی و لەکاتی دەربڕینی ووشەی ساردی جیهادو تفکیردا بێ باك لە هەر ئاکام تراژیدیایەك کە بۆ کۆمەلگایی مرۆڤایەتی بەجێ دەهلێت.

بەلام لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا گۆشەیەك لەسیمای واقعی ئەم بزوتنەوەیە نیشان دەدات. هەر لەدەماغ شتنەوەی مندالان و بارهێنانیان بۆ خۆتەقاندنەوەو کاری ئیرهابییەوە. تادەگاتە بەکارهێنانی تیزاب کردنی بە دەمووچاوی کچاندا کەڕەنگە بەنگەلادیش نموونەی بەرچای ئەو ڕاستیە بێ کە سالانە سەدان کچ پێستی دەمووچاوی بە تیزاب کلۆکۆی دادەمرکێتەوە . پاش چەندین سەدە ئێستەش دەستی بەدەستی وچاویك بە چاویك لە فەرهەنگ ویاساوڕێساکانی ئەم بزوتنەوەیەدا مانا پەیدا دەکات، باس لە پەنجەبڕین وبەردباران وسەنگسار ناکەین ئاوڕدانەوەیەك لە ڕووداوەکانی ڕۆژانەی سعودیەو ئیران بەڵگەنامەیەکی ڕۆشنن لەمبارەوە . زۆرێك لە ئێمە تەقینەوەکانی هۆڵی ئارایشتی ژنان وسینەماو مشرب فرۆشیەکان ودوکانی فیدیۆکانمان لەیادە . لەیادمانە کەچۆن جگەرە کێشان وگوێگرتن لەگورانی ومۆسیقا قەدەغەکرا، گەشت وگوزرەو ئاهەنگگیران قەدەغەکران،.... کەواتە پێمان سەیر نیە کە هەرچی ووشەی ئازادی ومافە فەردی ومەدەنیەکانە لە فەرهەنگی ئەم بزوتنەوەیەدا غایبەو مانایەکی بۆ دیالوك کردن نیە.

لەپاڵ ئەمانەشدا هەمووما ئاشناین بەچەکێکی تری بەردەوامی ئیسلامی سیاسی کە نائارام کردنی کۆمەڵگاو ترسان وتۆقاندن و دەمکوت کردنە لە ڕێگەی هەڕەشەو فتوای کوشتن وتیرۆرکردنەوە. لەماوەی پانزە سالی ڕابردودا سەدان هەڵسوڕاوی سیاسی و ئازادیخوازو کەسایەتی سکۆلارو مۆدرن سەدان نووسەرو ئەدیب وشاعیر فتوای مەرگ ولەناوبردنیان دراوەو دەدرێت. هەزاران ژن و کچ شەلالی خۆین کراون بەبەهانەی نامۆسپەرستی، لەیەك ووشەدا هەرچی خۆشی وئازادی وبەختەوەری وتەقەلایەکە بۆ بەهرمەندبوون لە ژیانێکی باشترو شارستانی لەلایەن ئەم بزوتنەوەیەوە ڕاپێچی خانەی حەرام و لێپسرینەوە سزادان کراوە .

هەڕەشەی ئەم جارەی ئەم جەنابانە لە من، دوابەدواوی نووسینی نامەیەکی پێشنیاری بۆ ڕۆشنبیران ونووسەرانێك کە داکۆکیان لەبەردەوام بوونی درامای ئاریا دەکردو بەدوایشیدا نووسینی ووتارێك بە نێوی (( نەبەردی دوو بەرە لە نێوان درامای ئاریاو هیسترایای ئیسلامەیەکان )). ئیسلامیەکان یا دەقیقتر بلێم ئەنسار ئیسلامی بەو ئاکامە گەیاندن کە ئەم جارەیان هەڕەشەو گوڕەشەکانیان ئاراستەی ئێمە بکەن وداوای دەست هەلگرتنمان لێ بکەن دەنا خۆیان واتەنی " وەك سەگ دەمان تۆپینن ".

کارنامەی خاوێنی ئێوە جێگەیەکی بۆ گومان لێکردن ودوودلی نەهێشتووەتەوە لەبارەی هەرجۆرە سزاوهەڕەشەو گوڕەشەیەکتان لە نەیارانی سیاسی خۆتان. نەمن ونەهیچ کەسێکی تر ڕێگە بەخۆی نادات کە سنگ بادات وبلێ ئێوە ناتوانن وئەهلی ئەنجامدانی ئەو کارە نین. نا نا بەپێچەوانەوە ئەوە پیشەو لۆژیك وماهیەتی ئێوەیە، دلنیابن نەمن و نەهیچ کەسانێکی تر ئەو خۆشخەیالیەیان نیە !

ئێوە کەی ئەهلی حیوارو گفتگۆبوون، ئێوە کەی لە شمشیر ڕاوەشان زیاتر ڕێگەیەکی ترتان ناسیوە ، کەی لە فتواو جیهادو تفکیر زایاتر زمانتان بە ڕێگەیەکی تر ئاشنابووە ؟ ئێوە کوا بەرگەی تەوژمی ئازادی بیروڕادەبرین دەگرن، کەی نزیکایەتیتان لەگەل بەکارهێنانی زمانی شارستانی و ڕێگەی کێشمەکێشی فکریدا هەبووە ...

بەلام دلنیابن چ ئالوگۆڕەکانی جیهانی ئەمرۆ، چ کارنامەی "درەخشانی" ئێوە، چ ووشیاربوونەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و لەنیویشیاندا دەوری بەرەی رادیکال و ئازادیخوازی کوردستان، فرسەتێکی بۆ شمشێر ڕاوەشان وفتواکانی ئێوە نەهێشتووەتەوەو ئەمڕۆ بەرەی ڕادیکال وئازادیخوازو سکۆلاری کۆمەڵگای کوردستان پێی لەشوێکدا گیرکردوە کە بەبەگەڕخستنی هەموو ئەو ڕەوشتانەی کەئێوە خۆتانی پێ پیناسەدەکەن ناتوانێت پاشەکشە بەم بەرەیە بکات. ئەگەر پانئیسلامیزم وئیسلامی سیاسی بەگشتی نزیك بە سێ دەهە لەمەوبەر لە هەناوی دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی ئیرانەوە چووە قوناغیکی ترەو ڕێگەی بۆ

هاتنەمەیدانی ئیوە خۆشکرد، ئەوا لەگەڵ لەگۆڕنانی ئەم دەسەلاتەدا ئێوەش شانیسی هاتوهاوارتان کۆتای پیدێت. چاوەڕاوانبن ئەو ڕۆژانە چەند سەباحێکی ترەو ئەو کاتە لە پانتایی قودرت وحیکمەتی ئازادی وبەرابەری و ئازادی بیروڕا دەربڕین دەگەن.

× بەم ئیمەیلە نامەی تهیدکردنەکەیان بۆ ئێمە ناردوە: ansaraslam_kurdistan@yahoo.com